# بەرپرسەكان ( سەگ ) یش بەكرێی دەدەن !!

**بەختیار سەعید**

چاوەڕوان بووین ، هەر چاوەڕوان بووین !! ئەو بەر پرسانەی كە نوێنەرمانن لە بەغداد ئەوانەی كە دەستەلآتیان لە حكومەت دا هەیە یا ئەوانەی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی نوێنەرایەتی كورد ئەكەن یا بەنوێنەرایەتی سەركردایەتی كوردستانن لە ناوچەی سەوزایی دەوام دەكەن ڕۆژێك بێت كە مێك لە داخوازیەكانمان بە دەست بهێنن، كە لە بەغداد بە دەست شیعەكانەوە گیریان خواردووە كە ئەمڕۆ جێگای هارونە ڕەشید و سەدامی لە سێدارەدراویان گرتۆتەوە!! كەچی مەخابن هەر لە یەكەم ساتەوە زۆرێك لەو سەركردەو نوێنەرانەمان هەر ئەوەندەی بەدیداری ئەو نیعمەت و سەروەت وسامانە زۆرانە بوون ،ئیتر زۆر نا مەسئولانە ڕەفتاریان كردوو !! كەوتنە تالآن وبڕۆو دەست بەسەراگرتنی سەدان ( سەیارەی ) مۆدێل بەرز !! بەممەشەوە نەوەستان هەر كە پۆستی وزاری و بەرزتریان وەرگرت زۆر جوامێرانە شانیان دایە بەر بازنە گەندەڵی ودزی و ڕاوەڕووت و ئەوەی بۆیان هاتبێتە دی درێغیان نەكردووە !! تەنها بۆ خوا دەڵێم بۆ ساتێك لە پاراستنی بەرژەوەندیە تایبەتیەكانی خۆیان غافڵ نەبوون !! تەنانەت هەر بۆ بەدەست هێنانی پارەی زۆری مۆڵ ئەوی بۆیان كرابێت ئەنجامیان داوە !! باوەڕتان بێت دوستێكم كەناو هێنانی دروست نیە بۆە گێرامەوە ،كە بەرپرسێكی بالآی كورد لە سەرتای چوونیان بۆ بەغداد دوای ئەوەی زۆر ئازایانە دەستی لە جۆرەكانی گەندەڵی نە پاراست و پیشەی شەو ڕۆژی بووە هەوڵدان بۆ گیرفان بڕین و تالآن كردن بە گشت شێوازەكانیەوە لەگەڵ خۆش كردنی جەوە حەیاتەكە ئەمیشیان باسكردنی حەیا چونێكی زۆری تیایە .

جا ئەو برادەرە گووتی : ئەو بەر پرسە زانیاری وەرگرتبوو ، كە چەند كۆمپانیایەكی ئەمنی بەریتانی لە جیاتی پاسەوانی ئینسان پێویستیان بە( سەگ ) هەیە بۆ پاراستنیان ئەویش لە هەوڵێكی خەمخۆرانەدا (4 ) سەگی ئەڵمانیان بۆ دابین دەكات و مانگانەی هەر سەگێك ( 4000 ) چوار هەزاردولار بووە ، مەسروفاتی مانگانەی هەرسەگێكیش (500 ) دۆر بووە !! خواردنەكانیان تەنها گۆشت بووە ، ئەو بەر پرسە واستەیەكی زۆری كردووە تا ئەو تەندەرە پیرۆزەی بەر بكەوێت !! بیرم كەوتەوە ماوەیەك لەمەو پێش خانمە بێژەرێك سەگێكی هەبوو خواردنی مانگانەی سەگەكەی ( 200 ) دۆلار بووە !! وەزیرێك لەم حكومەتەی خۆمان سەگێكی هەیەو خواردنی مانگانەی ( 250 ) دۆلارە !! ڕۆژ نیە یەك دوو پاسەوانی ئینسانی لە سەر ئەو سەگانە ڕەزیل نەكرێن !! دەبێی هەمووان دوعایی خێر بۆ سەلامەتی سەگەكانیان بكەین دەنا ڕۆژانە دەیان ئینسان ڕەزیل و نان بڕاو دەكرێن !! ئالێرەوە مافی ئێمەشە ئەو پرسیارانە بوروژێنین ؟! ئێوە بە هەمووتان نەتانتوانیوە دوو ئەمپێر كارەبا بۆ خەڵكی كوردستان دابین بكەن !! یا ناتوانن و نەتانتوانیوە دوو جلیكانە بەنزین بۆ ئەم خەڵكە بەش مەینەتە مسۆگەر بكەن !! یا بە ئاشكرا دزی لە بەشە داهاتی كوردستانیان دەكرێت و مێشێك میوانتان نیە !! تۆ بڵێی ئەمانیش شەركە دزنەبن! بۆنا ئەی ئەوە نیە هەندێك لە بەر پرسەكانمان ناویان لە لیستی گەندەڵیەكانی بەغداد بە گەورەی تۆمار كراوە !! ئەی باشە نابێت بپرسین خۆ ئێوە لە ناوچەی سەوزایی دەوامتان فوولە !! ئەی چۆن بوو ئاگاداری ڕاپۆرتە خوێناویەكەی( بیكەر –هانیلتۆن ) نەبوون !! دەزانینن كە سەدام لەسێدارە دراو ئێوە هەر نەشتان زانیی بوو !! لە هەموو ئەم قەیران و فاوڵ وفەڵتانەدا ئەگەرسەردانەكانی سەروكی هەرێمی كوردستان و سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان نەبوایە ، كە چەندین جار بەمانگ لە بەغداد ماونەتەوە تا ئەوەی ئێوە دۆڕاندوتانە ئەوان هەندێكی بە زۆر وەری بگرنەوە !!دەنا ئێستا دەبوو هەموو خەڵكی كوردستان وەك ئێوە سەگیان لە ئەڵمانیاوە بۆ بهاتایەو بە كرێیان بدایە !!